سەماحەتی حەکیم: عێراق بە سەقامگیرییەکی ناوازە تیپەڕ دەبێت و پاڵپشتی یەکپارچەیی خاکی سووریا دەکات

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە کۆمەڵك سەرۆکی سەنتەرەکانی توێژینەوە و تاتوەکردنی کاروباری سووریا کرد کە بەداوەتنامەیەکی فەرمی کاروباری وەزارەتی دەرەوە بانگهێشت کرابوون، ئەوەش لەچوارچێوەی پتەوکردنی گفتوگۆ و لێك نزیکبوونەوەی بەچوونەکانی نێوان هەردوو وڵات.

سەماحەتی لەم دیدارە دووپاتی کردەوە کە عیراق سەقامگیرییەکی بەخێوەو بینیوە کە پێشتر بەخێوەو نەبینیوە لەووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی، هەتا ئابووریش ئاماژەشی کرد کەئەو پێوەندییە بەتینەی بە وڵاتانی ناوچەکەو جیهانمان دەبەستێت لەگەڵ ئەو هاریکارییە فراوانەی لە چەندین بوارەکانی هەیە بەتایبەتی ئابووری و ئەمنی بەشداری دەکات لە بەدی هێنانی سەقامگیری ناوچەکە بەگشتی.

سەماحەتی دووپاتی کردە وە کە هەوڵستی عیراق نەگەڕاوە سەبارەت بەپاڵپشتی کردنی یەکپارچەیی خاکی سووریا لەگەڵ گرنگی سەقامگیری سووریا کە گرنگە بە سەقامگیری ناوچەکە، جەختیشی کردەوە لەسەر بەشداری کردنی سەرجەم توێژەکانی گەلی سووریا لە دروستکردنی بەیاری سیاسی و پاراستنی پێکهاتەکانی.

سەماحەتی ڕوونی کردەوە کە سەنتەرەکانی توێژینەوە و گەڕان بەگویرەی ئەو دید و پێشنیار و چارەسەرانیە پێشکەشی دەکات هاوکار لە پاڵپشتی دەوڵەت جگە لە بەشداری کردنی لە چارەسەری کابەرییە کۆمەڵایەتییەکان و بەهێزکردنی ناسنامەی نیشتمانی بەتایبەتی لەسووریا دوای ڕووداوەکانی ئەم دواییە.